سۆراخ



حەسەن مستەفا

# ئەو پرسیارەی هەردەم سەرم دەکێڵێ

**بەو هەناسانەی هیوا قادر بە مردنیان دەبەخشێ، پێشکەشە**

-١

ئەو رۆژەم لێ دیارنیە ، کە بە تەنها هاتمە ژیان، نازانم پێش کەوتنە سکی دایکم ئەو ساتە لە کوێ بووم..؟ ئەو پرسیارەی هەموو رۆژێ سەرم دەکێڵێ، لەبەردەم مەراقی وەڵامێك دادەمێنم. ئەوە ئێمە نین دوای مردن دەکەوین..ئەوە بەدوای ئەدرێسی تاك بە تاکمان دەگەڕێ و لە تەنهاییەکدا دەستمان دەگرێ. جیامان دەکاتەوە لە کۆ. ئێمە گەردێکی ئەو تۆپەڵە (کۆ)یەین، لەبەر حوکمی توندوتیژی رەشەبا سەرمان بەیەکەوە ناوە و لە هەڕەشەکانی ئەترسین، ترس.. پەیوەندییە بلورییەکانی نێوانمان تێك ئەشکێنێ، ترسی لێك دابڕان...ترسە ئەزەلیەکەی ناو رۆح. ئەو ترسەی لەگەڵمان گەورە ئەبێ و تەواوی کلیلەکانمان ئەداتە دەست، تەنها لە کلیلێك ئاگادارمان ئەکاتەوە کە بە هیچ جۆرێك بەکاری نەهێنین نەبادا بکەوینە دوورگەیەکی نامۆ و تا ئەبەد لێك بترازێین.

-٢

نەدایکم نە باوکم، سەعاتی هاتنە بوونی منیان لە بیر نیە، بەلاّم ئەشێ هاوڕێکانم سەعاتی دەرچوونم، سەعاتی لێکدابڕانمان بۆ یەکتر بگێڕنەوە. ئەکرێ بڵێین تەواوی تەمەنی ئێمە لە نێو ئەو خولە کورتانەی کاتژمێر لێی خەوتووە ، بۆیە عەجەب نیە کە لەسەر خەتێکی، میلی تەمەنمان ئەوەستێ، ئەمە رێك لە یاری ( پاکەتانێ ) ئەچێ، بەلاّم لەوێ لە ساتی وەستانی میلەکە (پاکەتێك جگەرە) بە دەست دێنی و لەم یارییەش ژیان دەدۆڕێنی.

-٣

لەو رۆژەوەی سروشت ئێمەی وەك دیارییەك، وەك گوڵێکی سپی بەخشیە باوەشی خێزان، لەوێ رۆژێوە بزە لەسەر ریتمی پشکووتنی گوڵ هاتنە بوون و دەروازە بەڕووی جوانی کرایەوە ... مەرگیش کە گوڵێکی رەش ئەدا لە یەخەی خێزان، زەنگوڵ زەنگوڵ گریان ئەکاتە میوانی چاوەکان و هەر دڵۆپێك، ئەلبوومی وێنەی یادگارییەکە و دەڕژێ. بۆیێ لە ژێر پێی هەریەکێکمان بۆنی هالاّوی یادگارییەك هەڵئەسێ.

-٤

وەك رەنگی خۆڵ پێ ئەنێینە سەر زەوی، وەك رەنگی خۆشی لە ژێر زەوی رائەکشێین.. ئەگەر بارستایی ئاو نەبێ کە تەرازووی ئێسکە پەیکەرمان دەکات، لە تووڕەکەیەك خۆڵ دەچین کە هەڵئەڕژێین هەمان خڕەخڕەمان هەیە.

-٥

سەیرە مرۆڤ ! ئەوەندەی چێژ لە یادگاری وەرەگرێ ئەوەندە عەوداڵی بە دەستهێنانی پەیوەندییەکی زیندوو نیە، کەم نەبوون ئەوانەی لە رۆژی فرۆشتنی تابلۆیەکی بیکاسۆ ئامادەییان دەربڕی و مەلایین دۆلاریان خستە مەزادەوە ،ئەمە بۆ تەواوی داهێنەران جێگەی سەلماندنە، ئەو داهێنەرانەی بە جۆرێکی جیاوازتر ژیانیان کرد، بەڕەنگێك ژیانیان تێپەڕاند کە هەرگیز پارەو سامان نەیتوانی کاڵی کاتەوە.

ئەوان بەو هەموو بێ پارەییەوە مردن، کەچی دەرکەوت ئەوان گەورەترین میراتیان جێهێشتووە، زۆرن ئەوانەش لە ژیاندا کە یارییان بە پارە دەکرد، بەلاّم کە مردن لە حاسیبەیەك و دەفتەرێکی حیسابات و چەند کێشەیەکی میرات بەشینەوە زیاتریان لە پاش بەجێ نەماوە.